حەماس بەفەرمی ڕازامەندی لەسەر پێشنیازی ئاگربەستی هەمیشەیی دەربڕی

بزووتنەوەی حەماس هەڵزامەندی لەسەر پڕۆژەیەکی قەتەری و میسری بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەرتی غەززە نیشان دا.

ئەمڕۆ (دووشەممە 6ـی ئایاری 2024) بزووتنەوەی حەماس هەڵزامەندی لەسەر پڕۆژەیەکی قەتەری و میسری بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەرتی غەززە نیشان دا، لەم بارەوە ئیسماعیل هەنیە، سەرکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەکە هەڵوەستی خۆیانی بە قەتەر و میسر ڕاگەیاند.

بە گوترەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی حەماس، ئیسماعیل تەلەفۆنی لەگەڵ هەر یەک لە محەممەد عەبدولڵەحمان ئال سانی، سەرکوەزیرانی قەتەر و عەباس کامیل، بەڕێوەبەری هەواڵگری میسری کردووە و هەزامەندبوونی بزووتنەوەکەی پێ ڕاگەیاندوون.

هاوکات بزووتنەوەی حەماس ئاماژەی بەوەش کردووە، هەنیە تەلەفۆنی بۆ لەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرکی تورکیا کردووە و سەبارەت بە هەڵوەستی بزووتنەوەکە قسەی لەگەڵ کردووە.

هاوکات تاهیر نونو، ڕاوێژکاری مەدیایی سەرکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس ئاماژەی

بەوەی کردووە، ئاگربەستەکە سێ بڵگەی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، ڕاگەیاندنی ئاگربەست، دووبارەئاوەدانکردنەوەی غەزە و گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئازادکردنی دیل و زیندانییەکان.

گوتووشیەتی، بەم زووانە شاندێکی حەماس دەگاتە قاهیرە بۆ تاوتوێکردنی ئاگربەستەکە